# پاوڵ والفۆیتز، بەخێر نەیەیت بۆ شارەکەمان!

پاوڵ والفۆیتز، یەکێ لە کۆنسرڤاتیڤە تازەکانی کەللەشەقی ئەمریکا و سەرۆکی گەورەترین دەزگای ئابووری دنیا، بانکی جیهانییە، کە ڕێکەوتی 22 تا 23 ی ئۆکتۆبر دێتە هێلسینکی.

پاوڵ والفۆیتز، یەکێ لە کەسە هەرە نزیکەکانی جۆرج بووشە. ئەو، لە سەردەمی شەڕەکانی ئەفغانستان و عێراقدا جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو. پاوڵ والفۆیتز لە سالانی 1980 دا سکرتێری دووەمی دەوڵەتی بووشی باوک بوو لە وەزارەتی بەرگرییدا. ناوبراو سەردەمێک سەرۆکی باڵوێزخانەی ئەمریکا بوو لە ئیندۆنێزیا. ئەو بوو، کە دیکتاتۆرەکەی ئیندۆنێزیا، ژەنراڵ شوهارتۆی بە میانەڕەوێکی نموونە ناو دەبرد. پاوڵ والفۆیتز بوو، کە بڕیاری یارمەتی سەربازی ئەمریکا بە حکوومەتی شوهارتۆی ساغ کردەوە، کاتێک کە ئەم دیکتاتۆرە، بەپێچەوانەی بڕیارنامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تیمۆری ڕۆژهەلاتی داگیرکردبوو. داگیرکارییەک، کە تیایدا نزیکەی 300 000 کەس بوونە قوربانی.

ساڵی 1992، ئەوە پاوڵ والفۆیتز بوو، کە لەگەڵ دیک چینی بە یەکەوە، گەلاڵەی ستراتیژی دواڕۆژی ئەمریکایان بۆ سەرۆکۆمار بووشی باوک داڕشت. گەلاڵەیەک، کە هەرچەندە دوای ڕوخانی یەکیەتیی سۆڤیەتیش نووسرابوو، بەڵام بە ئیعترافی ڕۆژنامەی نیۆیۆرکتایمز، لەم گەڵەڵەیەدا بودجەی بەرگری دەوڵەت بە شێوەیەکی سەرسامهێنەر زیاد کرابوو و مافی یەکلایەنەی کەڵکوەرگرتن لە "شەڕی پێشگیرانە"ش بە ئەمریکا درابوو، تا بتووانێت بەگژ ئەو مەترسیانەدا بچێتەوە کە لەوانەیە لە پلەی یەکەمدا لە "ناوچەی کەنداوی فارسی سەرچاوەی دەوڵەمەندی مەوادی خاو" هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکەن! هەروەها لەو گەلاڵەیەدا بە ڕاشکاوی باس لەوە کرابوو، کە ئامانجی سەرەکی ئەوەیە، کە ئاغایەتی ئابووری و سیاسی دنیا لە هەموو ئاستێکدا لە دەستی ئەمریکادا بێت.

ئەو کاتە، کە بووشی باوک هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی بە کلینتۆن دۆڕاند، گەلاڵەی Project for the New American Century شێوازێکی تری پێدرا و دوو خاڵی گرنگی پێوە زیاد کرا؛ کە یەکەمیان میلیتاریزەکردنی فەزای دەرەوە (ئۆتۆمسفر) بە یارمەتی ماهوارە جاسووسیەکان و لە فەزاوە بەکارهێنانی چەکە نەوەوییەکان بوو و دووەمیشیان داگیرکردنی عێراق. جێگەی باسە کە، لە گەلاڵەکەدا هۆشداری ئەوەش درابوو، کە ئەگەری سەرنەکەوتنی ئەم پڕۆژەی" گۆڕانکارییە شۆڕشگێڕانەیەی کۆمەڵگای ئەمریکا " زۆر دەبێت، ئەگەر " Pearl Harbor ی تازە لەگەڵ ئەمریکا هاوکاری نەکات." سەرەنجام لەسایەی هێرشە ترۆریستییەکەی 11 ی سپتامبری 2001 و دوای ئەوە کە Pearl Harbor وەک نیعمەتی خوای ئیمپریالیستەکان دەکەوێتە کۆشی دەوڵەتی بووشەوە، تووانیان گەلاڵە 10 ساڵ پێشتر داڕێژراوەکەی پاوڵ والفۆیتز ، بە کەیفی خۆیان بەڕێوە بەرن.

مرۆڤدۆستان و خەڵکی ئازادیخواز و یەکسانیخوازا!

هەروەکو ئاگادارن، ژمارەی قوربانیانی شەڕی عێراق بە دەیان هەزار کەس مەزندە دەکرێ و لەوانەشە خۆی لە سەدان هەزار کەسیش دابێت. لەو شەڕەدا هەروەها زیاتر لە 2000 سەربازی هێزەداگیرکەرەکانیش کوژراوون. ئەمڕۆکە، شەڕ عێراقی خاپور کردووە و سیمای شارستانێتی ئەو وڵاتە زیانێکی کاریگەری پێگەیشتووە. ئێستا، یەکێ لە ستراتیژیداڕێژەرانی ئەو شەڕە، پاوڵ والفۆیتز، بە پلەی سەرۆکایەتی گەورەترین دامەزراوی ئابووری جیهان، خەڵات کراوە و بەڵێن وایە ناوبراو لە ڕۆژەکانی 22 و 23 ی ئۆکتۆبردا بەشداری کۆبوونەوەی بانکی جیهانی بکات لە هێلسینکی. بەو بۆنەوە ئێمە، خەڵکی چەپ و ئازادیخوازی فینلەند لە 22 ئۆکتۆبردا، لە مەیدانەکەی کەنار وێستگای شەمەندەفەری هێلسینکی لە ناوەندی شار، خۆپیشاندانێکی گەورەمان دەبێت، لە ژێر درووشمی (با هەژاری بنەبڕ کەین! جیهانێکی باشتر ئیمکانی هەیە!). کۆبوونەوەی خۆپیشاندەران لە کاتژمێر 12 دەس پێدەکات. لە کاتژمێر 14 ئاپۆرای خۆپیشاندەران ڕێدەکەوێت. خەڵکی ئاشتیخواز و یەکسانیخوازا! ئێمە هەموو ئێوە بۆ بەشداریکردنی خۆپیشاندانەکە بانگەواز دەکەین، وەرن با بەیەکەوە دژی شەڕ و هەموو ئەو نەهامەتانەی کاپیتالیزم بۆ ئینسانی بە دیاری هێناوە، پڕ بە قوڕگمان دەنگ هەڵبڕین و هاودەنگ بڵێین: **پاوڵ والفۆیتز، بەخێر نەیەیت بۆ شارەکەمان!**

**یوهانی لۆهیکۆسکی** ، 2005/10/12 info@sosialistiliitto.org

**وەرگێڕان لە فینلەندییەوە، سۆران زەکی** soran_zeki05@yahoo.com